# حوکمی یاری کۆنکاڵ ئەگەر لەسەر پارە نەبێت

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ما حكم لعب الورق ( الكنكان) بدون أموال

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوکمی یاری کۆنکاڵ ئەگەر لەسەر پارە نەبێت

ئـەم پرسیارە ئـاڕاستـەی ماڵـپـەڕی ئـیسلام هـاوس کراوە :

**پرسیار** : السلام عليكم، ئـايا يـاری كۆنـكاڵ دروستـه، ئـهگـهر لـهسـهر پـاره نـهبێت و بۆ خۆشـی بێت ؟

**وەڵام** : سوپـاس بـۆ خـوای گـەورە ومیـهرەبـان، وە درود و صـەڵات وسـەلام لـەسـەر محمد المصطفی وئـال وبـەیت ویار ویاوەرانـی هـەتـا هـەتـایـە .

یـەکـەم : زانـایـان هـەر هـەموو کۆدەنگن لـەسـەر ئـەوەی هـەر یاریـەکـی وەرەقێن، یـان شـەترەنـج یـان تـاوڵـە، یـان هـەر یاریـەکـی تـر ئـەگـەر هـاتوو لـەسـەر پـارە، یـان لـەسـەر شتێك بێت یـەکێك لـەو کـەسانـەی کـە یاریـەکـە دەدۆڕێنن ئـەو شتـە بـدات بـە کـەسـەکـەی تـر، ئـەوا حـەرامـە و دەکـەوێتـە بـەر حوکمـی ئـەو ئـایـەتـەی کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾ [ المائدة : ٩٠ ]

.

واتـا : ئـەی ئـەوانـەی بـاوەڕتـان هـێنـاوە دڵـنیابن کـە عـەرەق و قومـارو گۆشتـی مـاڵاتـی سـەربڕاو بۆ غـەیری خـوا لـەو شوێنـانـەی کـە

خەڵک بەپیرۆزی داناوە نەک ئیسلام، بورج حەرام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەرپیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن .

دووەم : ئەگەر هاتوو یاری وەرەقێن و کۆنکاڵ لەسەر پارە و شتێکی بەرامبەر نەبێت، بەڵام بووە هۆی فەوتان و بەزایەدانی هەقێك لە هەقەکان، وەك هەقی دایك و باوك، یان هەقی ماڵ و منداڵ، یان ئەگەر بووە هۆی فەوتانی یەکێك لە فەرزەکان، وەك ئەوەی لەبەر مەشغوڵ بوون بەو یاریەوە نوێژێکت بە کۆمەڵ لەکیس چوو، یان هەر بووە هۆی فەوتانی نوێژێکت لە نوێژەکان، ئەوا بێگومان لەم کاتەدا ئەم یاریە هەرچەند لەسەر پارەش نەبێت هەر حەرامە و دروست نییە نزیکی بکەویتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم یاریە نەبووە هۆی فەوتانی هەقێك لەو هەقانە و نوێژ و طاعەتت لەسەر نەفەوتا، ئەوە زۆر مەشغوڵ بوون پێوەی دەبێتە هۆی سووك وسەلیم کردنی ڕێز و مەکانەتی مرۆڤی موسڵمان، چونکە کات لەژیانی باوەڕداردا زۆر لە زێڕ بەنرخترە، بۆیە مرۆڤی موسڵمان ئەگەر بەووردی بیر لەو مەبەستە بکاتەوە کە خوای گەورە لە پێناویدا ئەوی خەلق کردووە هەرگیز خۆی سەرگەرم ناکات بە شتێکەوە کە سوود و قازانجی نەبێت بۆ دواڕۆژو قیامەتی .

بێگومان ئەگەر هاتوو ئەم جۆرە یاری و گاڵتە و گەپانە بونە هۆی دروستکردنی ڕق وکینە و دووبەرەکی لەنێوان کەسەکاندا دیسان هەر حەرامە و دروست نییە، ئەگەر چی لەسەر پارەش نەبێت .

لەبەر ئەوە ئامۆژگاری ئێمە بۆ تۆی بەرێز ئەوەیە کاتەکانت بە شتێکەوە بەسەر بەرە کە سوودی دونیا و دوارۆژتی تێدا بێت، چونکە یەکێك لەو شتانەی کە خوای گەورە لە دوارۆژدا لێپرسینەوەی مرۆڤەکانی لەسەر دەکات ئەو کات و زەمەنەیە کە خوای گەورە وەك تەمەن پێی بەخشیوون، وەك لەو فەرموودەیەی کە ئیمامی تومروزی لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە هاتووە، پێغەمبەری خوا ( صلى اللـه عليه وسلم ) دەفەرموێت : (( لَا تَزُولُ قَدَمُ ابْنِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عِنْدِ رَبِّهِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ خَمْسٍ عَنْ عُمُرِهِ فِيمَ أَفْنَاهُ وَعَنْ شَبَابِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ وَمَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ وَمَاذَا عَمِلَ فِيمَا عَلِمَ)) رواه الترمذي ( ٢٤٢٢ ) . وحسنه الألباني في صحيح الترمذي ( ١٩٦٩).

واتا : مرۆڤ لە ڕۆژی دواییدا لای خوای گەورە پێی بە بەر پێی ناخات هەتاوەکو پەروەردگار پرسیاری پێنج شتی لێ دەکات، لە تەمەنی چۆن بەسەری برد، وە لە گەنجیەتی لە چیدا سەرفی کرد، وە لەماڵو سامانی چۆن پەیدای کرد و لە چ شتێکیشدا خەرجی کرد، وە لەو زانست و زانیاریەی ئایا کار وکردەوەی پێ کرد ؟

لە خوای گەورە داواکارین ڕینمونیمان بکات بۆ ئەوەی بتوانین کاتەکانمان لە طاعەت و عیبادەتی ئەودا بەسەر بەرین .

خوای گەورەش زاناترە .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم